## سەروەر طە حمە أمین

# وشەی زبر و دەقە دژ بە یەکەکان لە قورئاندا

چاپی یەکەم
٢٠١٦



وشەی زبر و دەقە دژ بە یەکەکان لە قورئاندا
نوسینی:سەروەر طە حمە أمین
تایپ:نوسەر
چاپی یەکەم،سلێمانی،٢٠١٦

## پێشەکی:

دەقی قورئانی هەمیشە ئەو دەقە یەکەمە بووە کە شوێنکەوتووەکانی بە لایانەوە بێهەڵەو بێخەوش بووە،بەهیچ جۆرێك بیر لە ڕەخنەگرتن و کەم و کوڕی دەرخستنی نەکراوەتەوە لەلایەن موسوڵمانانەوە،هەمیشە بە جۆرێك سەیر کراوە،کە دەبێت ملکەچی ووتەکانی بیت،بەبێ بیرلێکردنەوەو ڕادەربڕین،ڕەتکردنەوەی هەر بڕگەیەك لە قورئان بە کوفر ناوبراوە.
کەم تا زۆر بە زمانی کوردی قسە لەسەر ئیسلام و ئاکاری پێغەمبەرەکەی و شوێنکەوتوانی و دەوڵەتی ئیسلامی سەردەمی محمد و هاوەڵەکانی کراوە و ڕەخنەی ئاڕاستە کراوە،کە هەمیشە دەسبردن بۆ ئەم بابەتانە ،دەسبردن و یاریکردن بووە بە ئاگر لەناو کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیدا،کە بێخەوش و بێ هەڵە سەیری ئیسلام کراوە،بە بەرنامەو ڕێبازی خودا پێناسە کراوە،دووان لەم بوارانەدا پێویستی بە قوربانیدانێکی خۆنەویسانە هەبووە،چونکە ئیسلام ئەو ئایدیایەیە کە ڕەخنەگرتن پەسەند ناکات و ڕەتی دەکاتەوە،کەسانی ڕەخنەگر بە زەندیق و کافر ناو دەبات و بە بڕوای ئەوان،دەبێت مافی ژیانیان لێ بسەندرێتەوە،بۆیە قوربانی ویستووە تا ئەم وتەم و نابۆیە قسەی لەسەر بکرێت.
بەڵام ئەوەی دەبینرێت قسەکردن لەسەر خودی قورئان و ئەو دەقانەی کە بە وتەی خودا ناوزەند کراون،لە زمانی کوردیدا زۆر





کەمن،ئەم بابەتە یەکێك بووە،لە هەستیارترین و مەترسیدارترین بابەتەکان کە دەستی بۆ ببردرێت،ڕەنگە کەسانی زۆر هەبووبن هەستیان بەو کەمو کوڕیانە کردبێت،کە لە قورئاندا بوونی هەیەو دەرکیان بەوە کردبێت ئەمانە دوورن لە ووتەی خوداوە،بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بووبێت ئامادەیی ئەوەیان نەبووە لەسەری بدوێن.
وە ئەم نامیلکە بچووکەشم دروست کردووە لە بەر ڕۆشنایی و سوود وەرگرتنم لە سایتی خوداکان کە نووسەر (ئارام جەلال)نووسیویەتی پوختم کردۆتەوە بۆ ئەم نامیلکەیەو تاك و سوودی بۆ خوێنەری کورد هەبێت،وە ئەم کارەشم بە دوو ئامانج کردووە:
یەکەم:بەرگریکردن لەو خودایەی کە هەموومانی دروست کردووە و پاك و بێگەردە،نەهێڵین پاکی خودا بشێوێنرێت و ئەو دەقە پڕ هەڵەو کەم و کورتیانەی قورئان نەدرێتە پاڵ خودای بەدیهێنەر،ئەو پەیامی خۆی لە سروشت و لە گەردوون و لە دەوروبەرمانا بۆ ناردووین و هەمیشە ئەو خودایە لەناو دڵمانایەو هەستی پێ دەکەین،بەبێ هیچ پەیامبەرێك هەست بە بوونی دەکەین و ئاگامان لێیەتی ،خودا بێبەرییە لەم ووتە نا ڕێکانەی قورئان.
دووەم:ئەو سامناکییەی کە قورئان داویەتی بەسەر دڵی کورد و خەڵکی ئێمەدا،لە پەڕۆیەکی سەوز ئاڵێنراوە و دەترسن لەوەی بەبێ دەسنوێژ دەستی بۆ بەرن،تا ڕادەیەکك کەمبێتەوە و

**بتوانرێت لەسەر ئایەتەکان گفتوگۆ بکرێت،نەك تەنیا (سمعنا و أطعنا) بیستمان بە گوێمان کردی ئیسلام بڕوانینە قورئان.**

**بەو هیوایەی خودا لە ئێمەو لەوانەش خۆشبێت،کە ئەم کارانەیان بە نەزانی ئەنجام داوەو هەمیشە ڕێگەی ڕاستی خۆیمان نیشانبدات.**

**سەروەر طه حمه أمین**
**٢٠١٦/٣/١٠**





## (زمانی زبر لە ئایەتەکانی قورئاندا)

**گەر لە ئایدیاو بیرۆك و میتۆدی بەهرەمەندە مێژووییەکانی جیهان ووردبینەوە،کەم تا زۆر،وەك سوکایەتی و بۆ هێنانە خوارەوەی ڕێز و بەهای کۆمەڵایەتی و کەسایەتی بەرامبەر،زمانی زبر،زمانی بازاڕی،بەکار هێنراوە.**
**ئەگەر چی ئاستی زمانەکە لە کات و شوێنی جۆراوجۆردا،لە ئاست شێوەی جیا جیاو بە شێوازی تایبەت و گشتی بەکارهێنراوەو هێورکردنەوەیەکی دەروونی بە بەکارهێنەرەکەی بەخشیوە،بەڵام جێی سەرسوڕمانە کە ئەم شێوە ئاخاوتنە کە بەم جۆرە زبر و بازاڕییە دەردەبڕێت، بێژەرەکەی خودای ئیسلام بێت و وەك هەموو وشەیەکی دیکە چووبێتە ناواخنی ئایەتەکانی قورئانەوە.**
**یەکێك لەو بابەتانەی کە تا ئێستا بەڕادەیەکی باش گرنگی پێ نەدراوە ،زۆر بە کەمی دەستی بۆ براوە،بەکارهێنانی کۆمەڵێك ووشەی بازاڕییە لە دەقەکانی قورئاندا،کە خودای ئیسلام وەك ئامرازێك بۆ سوکایەتی لەبەرامبەر نەیارانیدا بەکاری هێناوە...**
**لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەو جۆرە زمانە زبرە یاخوود باشتر بڵێین بە کەم و سوك تەماشاکردنی خودا،بۆ نەیارانی لە چەند خاڵێکدا دیاری بکەم و ماناو لێکدانەوەکانیشی بەو سەرچاوانە شیبکەمەوە کە لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە جێی متمانەو باوەڕن.**

**ئایەتی یەکەم:**

**((مثل الذين حملوا التوراة ثم لم يحملوها كمثل الحمار يحمل أسفارا بئس مثل القوم الذين كذبوا بآيات الله لا يهدي القوم الظالمين))**

**بۆ نمونە: ئەو کەسانەی تەوراتیان کردە بەرنامەی خۆیان و دواتر پەیڕەویان لێ نەکرد،ئەقڵیان وەك ئەقڵی ئەو گوێ درێژە وایە کە بارێك کتێبی هەڵگرتبێت،ئەمەش نمونەیەکی نالەبارە بۆ ئەوانەی کە بەڵگەکانمان بە درۆ ئەخەنەوە،خوداش هیدایەتی ستەمکاران نادات..**

**یان دەڵێت:**

**((فما لهم عن التذكرة معرضين (٤٩) كأنهم حمر مستنفرة(٥٠)فرت من قسورة))**

**واتە: باشە ئەوە بۆچی لە یادکردنەوە پشت هەڵدەکەن و ڕوو وەردەگێڕن ،دەڵێی گەلە گوێ درێژی کێوین و دەسڵەمێنەوە لە ترسی شێر هەڵهاتوون.**

**لەم سێ ئایەتەدا زۆر بە ئاشکرا ئەوانەی کە گوێ لە قورئان ناگرن ،دەیان چوێنێت بە گوێ درێژ،ئەمەیە پێشێلکردنی ئەوپەڕی مافی قبوڵ نەکردن و جوێندان بە نەیارەکانی.**





**ئایەتی دووەم:**

**((ولقد درانا لجهنم كثيرا من الجن والانس لهم قلوب لا يفقهون بها ولهم أعين لا يبصرون بها ولهم آذان لا يسمعون بها أولئك كالانعام بل هم أضل أولئك هم الغافلون))**

**بێگومان ئێمە زۆرێك لە پەری و ئادەمیزادمان بۆ دۆزەخ دروستکردووە،ئەوانە دڵیان هەیەو بەو دڵە لە ڕاستی تێناگەن،چاویان هەیەو حەقی پێ نابینن،گوێیان هەیەو حەقی پێ نابیستن،ئەوانە وەك ئاژەڵن بگرە خراپتریشن،هەمیشە بێئاگان لە حەق.**

**هەروەها (ابن كسير) بۆچونی وایە،کە لێرەدا مەبەستی ئەوەیە،ئەوانەی هەستەکانیان بەکارناهێنن و سودیان پێ ناگەیەنێت،وەك ئاژەڵن،کە حەق نابیستن و نابینن و تێی ناگەن.**

**لەم ئایەتەدا دەکەوێتە بەکارهێنانی زمانی زبر،بۆ نەیارانی و بە کوێر و کەڕ و دڵێکی بێ هۆشیان لە قەڵەم ئەدات،پێیان دەڵێت وەکو ئاژەڵن بگرە لە ئاژەڵیش خراپترن،لەم کاتەدا سوککردن و کەمکردنەوەیان،تا ئاستی ئاژەڵیشی پێ کەمەو دەڵێت بگرە لە ئاژەڵیش خراپترن.**

**لێرەدا سنوری سوکایەتیکردنی قورئان نەك هەر ئینسانە نەیارەکانی بە ئاژەڵ سەیر دەکات،بگرە دەگاتە سوککردنی نەیاران بە جنۆکەکانیشەوە.**

**یان دەڵێت:**

**((أم تحسب أن أكثرهم يسمعون أو يعقلون إن هم إلا كالانعام بل هم أضل سبيلا))**

**واتە:ئایا وا دەزانیت زۆربەی ئەوانەی ڕاستییەکان دەبیستن،یان بیرو هۆشیان دەخەنە کار؟ ئەوانە ماڵات نەبێت (ئاژەڵ)هیچی تر نین،بەڵکو گومراتریشن لە ماڵات.**

**لێرەدا دەکەوێتەوە سوککردنی نەیارەکانی و بەو کەسانەی کە جگە لە قورئان ئاینێکی تر هەڵدەبژێرن و دوای ئارەزووی خۆیان دەکەون،پێیان دەڵێت: ئەوانە هیچ شتێك نین جگە لە ئاژەڵ نەبێت،کە بە ئاداتی (إستثناء) بەکاری دەهێنێت (الا) کە ئەم ئاداتە لە زمانی عەرەبیدا بۆ جیاکردنەوەیە.**

**واتە ئەوانە تەنهاو تەنها ئاژەڵن و لە مرۆڤایەتی بەدەرن.**

**ئایەتی سێ یەم:**

**((وإذا قيل لهم آمنوا كما آمن الناس قالوا أنؤمن كما آمن السفهاء ألا إنهم هم السفهاء ولكن لا يعلمون))**

**واتە کاتێك پێیان دەوترێت باوەڕ بهێنن،وەك ئەو هەموو خەڵکە کە باوەڕیان هێناوە،دەڵێن:ئێمە چۆن وەك ئەو خەڵکە گێل و کەم عەقڵانە باوەڕ دەهێنین،خەڵکینە چاك بزانن و ئاگادار بن،کە ئەوانە هەر خۆیان کەم عەقڵ و گێل و نەفامن،بەڵام بە خۆیان نازانن.**

**یەکێکی تر لەو بابەتانەی ئەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ،سوککردنی کۆمەڵێك کەسە و پێیان دەڵێت عەقڵ سوك و**





**خوێڕی،کە ڕووداوی جوێندانەکەی قورئان زیاتر لە شەڕە جوێنێکی بازاڕی دەچێت،نەوەك دەقێکی دینی و قسەی خودا،کە کەسە دوو ڕووەکان بە ئیماندارەکان دەڵێن بێعەقڵ و خوێڕی،قوڕعان هەڵئەداتێ و دەقی قورئانی دەکەوێتە ناو مەجلیسی ئەوان و بەهەمان جوێن و قسەی ئەوان وەڵامیان دەداتەوە،کە ئەم شێوازی شەڕە جوێنکردنە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە نەیارن،لە هیچ ئایینێکی ئاسمانی تردا بەدی ناکرێت،بگرە لە هیچ دەقێکی ئەدەبی گەورەشدا بوونی نییە.**

**یاخوود لە ئایەتێکی تردا ،بە هەمان شێوە دەکەوێتە جوێندان بە دوژمنەکانی و دیسان بە خەڵکی بێ عەقڵ و سوك و هیچ ناویان دەبات.**

**وەك دەڵێت:**

**((سيقول السفهاء من الناس ما ولاهم عن قبلتهم التي كانوا عليها قل لله المشرق والمغرب يهدي من يشاء إلى صراط مستقيم))**

**واتە :نەفام و دەم بەتاڵەکان لە خەڵکی (دوای گۆڕینی قیبلە لە قودسەوە بۆ کەعبە).**

**دەڵێن:باشە چی وای لێکردن کە واز لە قیبلە پێشوەکە بێنن،کە جاران ڕوویان تێدەکرد،پێیان بڵێن ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەموو لایەك خوا خاوەنێتی هەر کەسێکی بووێت ڕێنوێنی دەکات بۆ ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و ڕەوان.**

**ئایەتی چوارەم:**

**(( ولو شئنا لرفعناه بها و لكنه أخلد إلى الارض وأتبع هواه فمثله كمثل الكلب إن تحمل عليه يلهث ذلك مثل القوم الذين كذبوا بآياتنا فاقصص القصص لعلهم يتفكرون))**

**لە ئایەتی پێشوو فەرمان دەکات بە محەمەد هەواڵی ئەو زانا جولەکەیەیان بداتێ،پاشان بەم ئایەتە دەکەوێتە جوێندان پێی.**

**واتە : خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەوە بەو ئایەت و فەرمانانە بەرزمان دەکردەوە،بەڵام ئەو دەستی کرد بە دنیا پەرستی و شوێنی ئارەزووی خۆی کەوت،جا نموونەی ئەو جۆرە کەسانە،وەك نموونەی سەگ وایە،ئەگەر دەری بکەیت هەناسە بڕکێیەتی ،یاخوود وازی لێبێنی هەر هەناسە بڕکێیەتی،ئەوە نموونەی ئەو کەسانەیە کە ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ زانیوەو بڕوایان پێ نەبووە،کەوابوو ئەم جۆرە بەسەرهاتە بگێڕەوە بۆیان،بۆ ئەوەی بیربکەنەوە.**

**لەم دەقەدا باس لە زانایەکی جولەکە دەکات کە وازی لە دینەکەی هێناوە،دەکەوێتە جوێندان پێی و دەیچوێنێت بە سەگ.**

**بە هەمان شێوە لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت هەر کەسێ بڕوای بە دەقە دینییەکان نەبێت و باوەش بکات بە خۆشی دنیادا، ئەوا لای قورئان وەك سەگ وایە.**





**ئایەتی پێنجەم:**

**لەم ئایەتەدا سوکایەتی بە ولید کوڕی مغیرە دەکات و دەڵێت:**

**((ولا تطع كل حلاف مهين(١٠)هماز مشاء بنميم(١١)مناع للخير معتد أثيم(١٢)عتل بعد ذلك زنيم(١٣)أن كان ذا مال وبنين(١٤)إذا تتلى عليه آياتنا قال أساطير الاولين(١٥)سنسمه على الخرطوم)).**

**واتە: بە قسەی ئەوانە مەکە کە سوێند زۆر دەخۆن و سوك و ڕسوان،ئەوانەی دوو زمانی و فیتنە گێڕن،بە شوێن عەیب و عاری خەڵکدا دەگەڕێن،چاکە نەکەر و دەستدرێژی کەرن،باوك نادیار و بێ بنەچەن،ڕەزا گرانن،تا دەگاتە ئەوێ بڵێ....لوتی دەبڕین.**

**کە ئەم هەموو زمانە زبر و سوکایەتیکردنە ،بە پیاوێکی وەك ولید تەنیا لە پێناوی ئەوەدا بووە کە وەلید بڕوای بە قورئان نەبووە و بە ئایەتەکانی قورئانی ووتوە ئەمانە کۆنن و مموعجیزە نین و داستانە کۆنەکانن و بیستراون،وەك چۆن لە ئایەتەکەدا ئاماژەی پێدەکات.**

**لەم بەشەدا مەبەستمان لە دەرخستن و ڕوونکردنەوەی ئەو ئایەتانەیە،کە دژ یەکن و بەرامبەر بە یەکتری دەوەستن،یاخود بڵێین ئەو هەموو دوو ئایەتانەی کە لە قورئاندا هەن و بێ ئاگان لە یەکتری.**

**بەڵام زۆرێك لەو دوو ئاایەتانە،ئەو کەسانەی هەستاون بە ڕاڤەی قورئان،گەڕاون بە دوای پاساودا (تەئویلات)،تاوەکوو پارسەنگی ئەو نا هاوسەنگییە بکەنەوە،دەتوانین بڵێین زۆرێك لە نا ڕێکییەکانی قورئان،موفەسیرین ڕاستیان کردۆتەوە،ڕاڤەکەرانی**

قورئان توانیان نا ڕێکییەکانی قورئان بشارنەوە،هەوڵ دەدەین بەپێی توانا ،لەسەر ئەم بابەتە بدوێین ،بە بەکارهێنانی سەرچاوەی قورئان خۆی و تەفسیرەکانی (اهل السنه والجماعه).

١.وشەو وتەکانی خودا ناگۆڕدرێن و نابێ بگۆڕێن:

یەکێك لەو کێشانەی کە لە قورئاندا جێگای ڕەخنە لێگرتنە،دەکرێت بخرێتە ناو چوارچێوەی دژ یەك (التناقض)ەوە،ئەوەیە کە چەند ئایەتێك باس لەوە دەکەن و وشە ئایەتی خودا نابێ بگۆڕدرێن و شایەنی گۆڕین نییە.

لە هەمانکاتدا،چەند ئایەتێکی تریش دژی ئەوەن و هەڵی دەوەشێننەوە،کە دەتوانین ڕوونتر لەسەر ئایەتەکان قسە بکەین.

لە ئایەتێکدا دەڵێت :(لا مبدل لكلماته)

واتە هیچ کەس بۆی نییە فەرموودەی خودا بگۆڕێت.

ئەو دوو ئایەتەی سەرەوە زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئایەت و ووتەکانی خودا بەهیچ جۆرێك شایەنی گۆڕین نییە،بەڵام لە هەمان کاتدا،دەتوانین لەو ئایەتانەی تری قورئان ببینین کە بوونیان هەیەو دژی ئایەتەکانی پێشوون.

وەك لە ئایەتێکدا دەڵێت:

((وإذا بدلنا آية مكان آية والله أعلم بما ينزل قالوا إنما أنت ممفتر بل أكثرهم لا يعلمون))

واتە: کاتێك ئایەتێك دەخەینە جێگای ئایەتێکی تر ،خواش خۆی دەزانێت چی دادەبەزێنێت و چ فەرمان دەدات،ئەوە نەفامەکانی





دەڵێن ئەی محمد بێگومان تۆ هەر لە خۆتەوە شت هەڵدەبەستیت،نەخێر وا نییە ئەو لە خۆیەوە شت ناڵێت،بەڵکو زۆربەی ئەو نەفامانە تێناگەن و نازانن.

یاخود لە ئایەتێکی تردا دەڵێت:

((مما ننسخ من آية أو ننسها نأت بخير منها أو مثلها ألم تعلم أن الله على كل شيء قدير))

واتە: هەر ئایەتێك بسڕینەوە ،یان فەرامۆشی بکەین و پشتگوێی بخەین،ئایەتی لەو چاکتر ئەهێنیت.

ئەگەر بە ووردی سەیری ئەو ئایەتانە بکرێن کە باسمانکرد (تناقض)ێکی بەرچاو دەبینرێت و تەواو دژ یەکن،لە بەشی یەکەمدا زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکات،کە بەهیچ شێوەیەك ئایەتەکان نابێت بگۆڕدرێن،بەڵام لە بەشی دووەمدا هەر خودی قورئان خۆی،باس لە گۆڕینی ئایەتەکان دەکات و پاساو بۆ گۆرشینیان دەهێنێتەوە.

٢.مەسیح لە نێوان مردن و هەڵکێشانەوە بۆ لای خودادا:

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە لە قورئاندا ڕوون نییە ،کێشەی مەسیحە،ئایا مردووە؟یاخود بەبێ مردن هەڵکێشراوە بۆ ئاسمان؟لەسەر ئەم بابەتە دوو ئایەتی تەواو دژ یەك بەدی دەکرێت،ئایەتی یەکەم باس لەوە دەکات،کە جولەکەکان لێیان تێك چووەو یەهوزا چووەتە شێوەی مەسیح و لە خاچیان داوەو مردووە،لەو کاتەدا مەسیح هەڵکێشراوەتەوە بۆ ئاسمان و نەمردووە.

**وە ئایەتی دووەم ،باس لەوە دەکات کە مەسیح دەمرێت و خودا دەینێرێتەوە بۆ سەر کافران،تا ڕۆژی قیامەت،کە ئەمە جێگەی سەر سوڕمانە،هیچ تەفسیرێکی ئیسلامی لەسەر ئەوە نەوەستاوەو بە جۆرەها تەئویلات کردن کەوتوونەتە ڕاڤەکردنی.**

**ئایەتی یەکەم:**

**((قولهم إنا قتلنا المسيح عيسى ابن مريم رسول الله وما قتلوه وما صلبوه ولكن شبه لهم وإن الذين اختلفوا فيه لفي شك منه ما لهم به من علم إلا اتباع الظن وما قتلوه يقينا)).**

**واتە: دەیان ووت (واتە جولەکەکان)ئێمە مەسیحی پێغەمبەرمان کوشتووە،بەڵام لە ڕاستیدا نە کوشتوویانەو نە لە خاچیان داوە،بەڵکو لێیان گۆڕاوەو کەسێکی تریان کوشتووە لە جێگای ئەو.**

**ئایەتی دووەم:**

**((إذ قال الله يا عيسى إني متوفيك ورافعك إلى ومطهرك من الذين كفروا وجاعل الذين اتبعوك فوق الذين كفروا إلى يوم القيامة ثم إلى مرجعكم فأحكم بينكم فيما كنتم فيه تختلفون))**

**واتە: کاتێك خودا بە عیسای ووت،من بە شێوەیەکی ئاسایی تۆ دەمرێنم،پاشان تۆ پایەدار و بەرز و بڵند دەکەمەوە لای خۆم،لە دەستی نا پاکی ئەوانەی کە بێ باوەڕن ڕزگارت دەکەم،پاك ڕاتدەگرم و بەرزی دەبەخشم بەوانەی کە شوێنکەوتەی تۆن،بەسەر کافراندا هەتا ڕۆژی قیامەت،لەوە دواش گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە.**





**لێرەدا باس لە مردنێکی ئاسایی دەکات و گەڕانەوە بۆ ناو دنیاو پاشان دەڵێت:گەڕانەوەتان هەر بۆ لای منە،واتە بۆ جاری دووەم دەیگێڕێتەوە بۆ لای خۆی.**

**کەواتە لە ئایەتی یەکەمدا ئینکاری مردنی مەسیح دەکات و دەڵێت:نەمردووە بەڵام لە ئایەتی دووەمدا،بە ڕوونی ئەوە دەبینرێت کە خودا عیسا دەمرێنێت بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات لە دەستی دوژمنەکانی.**

**٣.ماوەی ڕۆژێك لەلای خودا:**

**(ئایا ڕۆژێك لەلای خودا هەزار ساڵە یاخوود پەنجا هەزار ساڵ؟)**

**ئەو دوو ڕێژەیە تەواو لەیەك دوورن،لە قورئاندا بێ ئاگایانە لە دوو ئایەتدا باسکراون،تا ئێستا هەڵوێستەیەکی لەسەر نەکراوە،بپرسێت ئایا بۆچی ئەو دوو ئایەتەو ئەو دوو ڕێژە دژی یەکن.**

**ئایەتی یەکەم:**

**((يدبر الامر من السماء إلى الارض ثم يعرج إليه في يوم كان مقداره ألف سنة مما تعدون))**

**واتە: خودا کاروباری زەوی ڕێك دەخات و سەرپەرشتی دەکات،لەوەو دوا کار و کردەوەی بەندەکان دەگەڕێنەوە بۆ لای**

ئەو،لە ڕۆژێکدا کە پێوانەکەی هەزار ساڵە بەو پێوانەیەی کە ئێوە دەیکەن.

لەو ئایەتەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆژێك لای خودا هەزار ساڵە.

ئایەتی دووەم:

((تعرج الملائكة والروح إليه في يوم كان مقداره خمسين ألف سنة))

واتە: فریشتەکان و جبرائیل بەرزدەبنەوە بۆ لای خوا،لە ڕۆژێکدا کە ماوەی پەنجا هەزار ساڵە،مەبەست لە ڕۆژی قیامەتە کە ڕۆژێکی پەنجا هەزار ساڵی دنیایە.

٤.مەسیحییەکان و جولەکەکان،دوای هاتنی ئیسلام کردەوەی چاکەیان لێ وەردەگیرێت یاخوود لێیان وەرناگیرێت؟

لە یەکێك لە ئایەتەکاندا ،باس لەوە دەکات کە جولەکەو مەسیحیەکانیش ئەگەر بڕوایان بە خوداو ڕۆژی دوایی هەبێت و ئەوە کردەوەی چاکەیان لێوەردەگیرێت،بەڵام لە هەمان کاتدا قورئان ئەم ئایەتەی بیر دەچێتەوەدو دەڵێت:هەر کەس جگە لە ئیسلام دینێکی تر وەربگرێت و قبولی بکات،ئەوا لە قیامەتدا زەرەرمەند دەبێت و هیچی لێ وەرناگیرێت.





ئایەتی یەکەم:

((إن الذين آمنوا والذين هادوا والصابؤون والنصارى من آمن بالله واليوم الاخر و عمل صالحا فلا خوف عليهم ولا هم يحزنون))

واتە: بە ڕاستی ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە لە ئوممەتی موحەممەد و ئەوانەی کە بوون بە جولەکەو ئەوانەی ئەستێرە پەرستن و مەسیحیەکان، هەر یەك لەو تاقمانە،ئەگەر بڕوایان بە خوداو ڕۆژی دوایی هەبوو،کار و کردەوەی چاکەیان کرد،ئەوان نەترسن و پەژارە دایان نەگرێت.

ئەم ئایەتەی باسمانکرد کۆمەڵێك موفەسیری ئیسلامی خۆیان قسەی تریان بۆ زیاد کردووە لە تەفسیرەکانیاندا،دەڵێن:دوای ئەوەی بوون بە موسوڵمان ئەمە سەیرترین شتێکە کە موفەسیرەکان خستوویانەتە سەری ،چونکە لە ناو ئایەتەکەدا باس لە موسوڵمانەکانیش دەکات و موسوڵمانانیش لە هەمان ڕیزدا باسکراون.ئەگەر لۆجیکییەن بیر لە قسەی موفەسیرەکان بکرێتەوە،کەواتە دەبێت موسوڵمانەکانیش بڕوا بێننەوە جارێکی تر.

**لە ئایەتی دووەمدا دەڵێت:**

**(( ومن يبتغ غير الاسلام دينا فلن يقبل منه و هو في الاخرة من الخاسرين))**

**واتە: هەر کەسێك جگە لە ئایینی ئیسلام،هەر چ ئایینێکی تر هەڵبژێرێت،ئەوا لێی قبوڵ ناکرێت و لە ڕۆژی دواییدا زەرەر مەند دەبێت.**

**٦.لێبوردن و دڵسافی،ڕق گرتنە دڵ و لێ نەبوردن:**

**لە ئایەتێکدا خوودا ڕوو دەکاتە محەمەد و فەرمانی پێ دەکات،کە لێبوردە بێت لەگەڵ نەفامەکاندا و دڵی ساف بێت،هەروەها لە ئایەتێکی تردا هەمان قسەی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوەو بیری لێ بوردەیی نامێنێت،فەرمان دەکات ،توندو تیژ بێت.**

**ئایەتی یەکەم:**

**((فاصفح الصفح الجميل))**

**واتە: بە شێوازێکی جوان چاوپۆشی بکە و لێبوردە بە لە ڕەفتاری نا دروستی کافران.**

**ئایەتی دووەم:**

**((يا أيها النبي جاهد الكفار والمنافقين واغلظ عليهم وماواهم جهنم وبئس المصير))**

**واتە: ئەی محمد دژی کافر و دووڕووەکان بجەنگە ،توند و تیژ بە لە سەریان،ئەوانە سەرەنجام مەنزڵگەیان دۆزەخە.**

**٧.خودا فەرمان دەکات بە کردەوەی خراپی بەندەکان یاخود فەرمان ناکات؟**





**فەرمانکردن بە خراپە،یاخوود ئەمر نەکردن بە خراپەی بەندەکان،یەکێکی ترە لەو بابەتانەی کە قورئان تیایدا کەوتۆتە تەمومژەوەو نەیتوانیوە خۆی یەکلایی بکاتەوە ،دوو ئایەتی دژ یەك ،وەك نموونەی دژیەك،لەم بابەتەدا دەخەینە بەرچاو.**

**ئایەتی یەکەم:**

**((وإذ فعلوا فاحشة قالوا وجدنا عليها آباءنا والله أمرنا بها قل إن الله لا يأمر بالفحشاء أتقولون على الله ما لا تعلمون))**

**واتە: کاتێك بێ باوەڕان تاوانێك ئەنجام بدەن،دەڵێن باوو باپیرانیشمان دیوە ئەم کارەیان کردووە،خوای گەورە خۆی فەرمانی پێ داوین بیکەین،بڵێن:نەخێر،خودا فەرمان بە گوناه و تاوان و کاری نا بەجێ ناکات،چۆن دەتوانن شتێکی وا بۆ خودا دروست بکەن؟**

**ئایەتی دووەم:**

**((وإذ أردنا أن نهلك قرية مرنا مترفيها ففسقوا فيها فحق عليها القول فدمرناها تدميرا))**

**واتە: کاتێك بمانەوێ ناوچەیەك لەناو بەرین،فەرمانیان پێ دەکەین بەوەی خراپەکاری بکەن،تا لە ڕێ دەردەچن،پاشان ئێمەش کاولی دەکەین،بەسەر یەکدا.**

**٨.شاری مەککە لە نێوان سوێند خواردنی خودا پێی و پەشیمان بوونەوەو سوێند نەخواردن پێی.**

**لە کاتێکدا دەقی قورئانی تورەیە لە شاری مەککەو پێی دەڵێت،سوێند ناخۆم بەم شارە،کەچی پاش سەردەمێك**

پەشیمان دەبێتەوەو زۆر بەرێزەوە سوێند بە مەککە دەخوات،کە ئەمە دوورە لە ڕایەکی توندتۆڵ و دەقێکی تۆکمە بەم ئایەتانەدا ئەوە دەبینین کە دەقی قورئانی ،هارمۆنیەتی تیا نییەو ساڵ لـە دوای ساڵ،بێ ئاگابوون لە دەقەکانی پێشووتر کە وتراوە.

**ئایەتی یەکەم:**

((لا اقسم بهذا البلد))

واتە: سوێند ناخۆم بەم شارە کە مەککەیە.

**ئایەتی دووەم:**

((وهذا البلد الامین))

واتە سوێند دەخۆم بەم شارە،کە مەککەیە پیتی (و)بۆ سـوێند خواردن بەکار دەهێنرێت لەو دێڕەدا.

٩.قەدەغەکردنی هەواو ئارەزوو و ڕێگەپێدانی.

ئەوانەی کە ڕاڤەی قورئانیان کردووە،هەمیشە لە دەقە ئەصڵیەکان لایانداوە،بە دوای تەئویلاتا گەڕاون،تا وەك و دەقەکان ڕێك بکەنەوە و بە جۆرێك بیگونجێنن کە نەبێتە جێگای پرسیاری خەڵکی،لە ئایەتێکدا خوداکەی محمد باس لەوە دەکات،ئەگەر دەتەوێت بەهەشتی نەبڕاوەت دەست بکەوێت،ئەوا خۆت لە ئارەزووەکانت بگرەوە.

لە هەمانکاتدا بە بەهانەی حەڵاڵ بوون گەلێك ئارەزوو بازی بە دەقی قورئانی حەڵاڵ دەکرێت بۆ محمد،نەك هەر سێکسکردن لەگەڵ ژنەکانیدا،بگرە لەگەڵ ئەو کارە کەرانەشدا کە لە شەڕەکاندا گیراون،یاخوود کڕدراون،گونجاو ڕێگە پێدراوە.





**ئایەتی یەکەم:**

((وأما من خاف مقام ربه ونهى النفس عن الهوى فان الجنة هي المأوى))

واتە:ئەوەی لە پایەی خودا ترسابێت و جڵەوی نەفسی خۆی گرتبێتەوە،لە هەموو هەواو ئارەزوویەکی ،بێگوومان بەهەشت جێگەی مانەوەو گوزەرانییەتی.

**ئایەتی دووەم:**

((والمحصنات من النساء إلا ما ملكت أيمانكم كتاب الله عليكم واحل لكم ما وراء ذلكم أن تبتغوا بأموالكم محصنين غير مسافحين فما استمتعتم به منهنفتوهن جورهن فريضة و لا جناح عليكم فيما تراضيتم به من بعد الفريضة إن الله كان عليما حكيم))

واتە حەرامە لێتان ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان هەیە ،جگە لە کەنیزەکەکانتان،خوا بڕیاری داوە لە سەرتان،جگە لەوانەی کە باس کراون،حەڵاڵە بۆتان بە هۆی ماڵ و دارایتانەوە هاوسەر بگرن،تا چوار ئافرەت،هەتا داوێن پاك بن و لە سنوری بەرزی ڕەوشت دەرنەچن.

ئەگەر لەم ئایەتەدا سەرنج بدەیت،باس لەو ئافرەتانە دەکات کە هاوسەریان هەیەو دەڵێت،حەرامن بۆتان ،بەڵام ئەو ئافرەتانەی کە دەبنە کەنیزەکی موسوڵمانەکان ئەگەر مێردیشیان هەبێ حەڵاڵن.

بەڕاستی ئەمە ئەوپەڕی ئارەزووبازی و ڕادەی نا ئینسانی یە،کە دەتوانن لە سەر و چوار ژنەکانیانەوە پەنابەرنە بەر کارەکەر و کەنیزەکەکانیان.

**١٠.حەڵاڵ بوونی مەی لە قیامەت و حەرامبوونی لە دنیا:**

بۆچی خوا مەی لە دنیا حەرام کردوەو لە قیامەت دەڵێ:بە تامە بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە؟

ئایا کاتێك مەی لە دنیادا شتێکی خراپەو قەدەغە دەکرێت،بۆچی لە قیامەتدا حەڵاڵ دەکرێت؟بەڵام ئەوانەی کە ڕاڤەی قورئانیان کردووە،دەڵێن مەی لە ڕۆژی دواییدا وەکو مەی دنیا نییە و تەواو جیاوازە،ئایا کە جیاوازە لە مەی دنیاو هیچی لەو ناچێت،کەواتە بۆ ناو نراوە مەی و هەمان ناوی دنیای بەسەردا بڕاوە،بەمەدا دەردەکەوێت کە هەموو ئەو تەفسیرانە تەئویلاتن و دوورن لە ڕاستییەوە،لەبەر ئەوەی مەی لە قیامەتدا،کۆمەڵێك جیاوازی سادەی بۆ کراوە وەك ئەوەی تامی خۆشەو سەر نایەشێنێت،دەنا هیچ قسەیەك لەسەر ڕادەی کحولی مەی نەکراوە لە قیامەتدا.

ئایەتی یەکەم:

((یا ایها الذین آمنوا إنما الخمر والمیسر والانصاب والازلام رجس من عمل الشیطان فاجتنبوه لعلکم تفلحون))

واتە: ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە مەی و قومار و گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو کە بۆ غەیری خوا سەربڕاون ،لەو شوێنانە کە





خەڵك بە پیرۆزی داناون،وە بورج و حەرام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە،ئەمانە هەر پیسن و لە کار و کردەوەی شەیتانن،کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ بە دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن.

ئایەتی دووەم:

((مثل الجنة التي وعد المتقون فيها أنهار من ماء غير آسن وأنهار من لبن لم يتغير طعمه وأنهار من خمر لذة للشاربين وأنهار من عسل مصفى ولهم فيها من كل الثمرات ومغفرة من ربهم كمن هو خالد في النار وسقوا ماء حميما فقطع معاءهم))

واتە: وێنەی بەهەشت ئەمەیە ،چەندەها ڕووباری لە ئاوی سازگار و چەندەها ڕووباری شیر و چەندەها ڕووباری مەی ،کە لە خواردنەوەی بێزار نابن و لەبەر چاوتان ناکەوێت.

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەیت ،هیچ ئاماژەیەکی بە کاریگەری و جیاوازی سەرخۆش بوونی مەی لە دنیاو قیامەت نەکردووە،تەنها ئەوە نەبێت کە دەڵێت (ئەوەی قیامەت بێزارنابن لێی).

**١١.بێبڕواکان لە نێوان بڕیاری کوشتن و نەکوشتندا.**

ئەگەر لەو ئایەتە حوکمیانە وورد ببینەوە،کە سەبارەت بە کوشتن یاخوود مانەوەو نەکوشتنی کافران وتراون،ئەوا ناتوانین بگەینە بڕیارێکی تەواو،ئایا دەبێت بکوژرێن یاخوود نا؟

قورئان لەم بابەتەدا کۆمەڵێك دەقی تەواو جیاوازی هێناوە،کـە ئەمانەش هەمووی بەڵگەن لەسەر هەواو ئارەزوو بڕیاری کاتی کە هەر کاتەو بڕیارێك دراوە ،بێ گوێدانــە بڕیــاری پێــشووتر وەك دەتوانین لە ئایەتەکاندا ڕوونتر ببینین.

بەشی یەکەم((ئایەتەکانی کوشتنی کافران))

((یا أیها النبي حرص المؤمنین على القتال إن یکن منکم عــشرون صابرون یغلبوا مئتین وإن یکن منکم مئة یغلبوا ألفا مــن الــذین کفروا بأنهم قوم لا یفقهون))

واتە: ئەی پێغەمبەر ،هانی ئیمانداران بــدە لەســەر کوشــتنی ئەوانەی کە کۆسپن لە ڕێگای گەیاندنی ڕێبازی خــودا،ئەگــەر ٢٠ کەسی خۆڕاگر هــەبێ لــە ئێــوە،ئــەوا زاڵ دەبــن بەســەر ٢٠٠ کەسدا،خۆ ئەگەر ١٠٠ کەس لە ئێوە هەبن،ئەوا زاڵ دەبن بەسەر ١٠٠٠ کەسدا،چونکە بە ڕاستی ئەوان کەسانێکن کە تێناگەن.

((وقاتلوهم حتى لا تکون فتنة ویکون الدین لله فــإن انتهــوا فــلا عدوان إلا على الظالمین))

واتە: ئەگەر کافران وازیان نــەهێنا بیــانکوژن، هــەتا ئاشــوب و ناخۆشی نەمێنێ، هەتا دین و فەرمانڕەوایی هەر بۆ خودا بێت.





((قاتلوا الذین لا یؤمنون بالله بالیوم الاخر ولا یحرمون مــا حــرم الله ورسوله ولا یدینون دین الحق من الذین أوتوا الکتــاب حتــى یعطوا الجزیة عن ید وهم صاغرون))

واتە: ئەی ئیمانداران،ئەوانە بکوژن کە باوەڕیان بە خــوداو بــە ڕۆژی دوایی نییەو ئەو شتانەی کە خــواو پێغەمبەرەکــەی بــە حەرامیان داناوە بە حەرامی نــازانن و پــەیڕەوی دینــی ڕاســت ناکەن،هەروەها جولەکە و مەسیحییەکان بکوژن تا ناچار دەبن باج بدەن پێتان.

((ودوا لو تکفرون کما کفروا فتکونون ســواء فــلا تتخــذوا مــنهم أولیاء حتى یهاجروا في سبیل الله فإن تولوا فخــذوهم واقتلــوهم حیث وجدتموهم ولا تتخذوا منهم ولیا ولا نصیرا))

واتە: ئەوان ئاواتە خــوازن ئێــوەش بێبــاوەڕ بــن،چــۆن خۆیــان بێبــاوەڕن،ئــەو کاتــە هــەر دوولاتــان یەکــسان دەبــن لــە بێباوەڕیدا،کەواتە مەبنە پشتیوانی ئەوان هەتا کۆچ دەکەن،خۆ ئەگەر یاخیبوون و پشتیان تێ کردن،ئێوە لە هەر کوێیەکدا پێیــان گەیشتن بیانگرن و بیانکوژن،هەرگیز نەکەن ئەوان بکەنە دۆست و پشتیوانی خۆتان.

((فقاتل في سبیل الله لا تکلف إلا نفسك وحرص المؤمنین عــسى الله أن یکف بس الذین کفروا والله أشد بأسا وشد تنکیلا))

ئەی محمد شەڕ بکە و بکوژە لە پێناوی خودادا، چونکە ئەو ئەرکە هەر لەسەر شانی خۆتە،وە هانی بڕواداران بدە ئومێدیان هەبێ،

کە خودا هێز لە بێباوەڕان بسەنێتەوەو زاڵتان بکات بە سەریاندا،چونکە خودا هێزو دەسەلاتی زۆرە.

بەشی دووەم(ئایاتەکانی ئازار نەدانی بێباوەڕان)

ئەم ئایاتانە تەواو پێچەوانەو دژی ئایاتەکانی بەشی یەکەمن.

((ولا تطع الكافرين والمنافقين ودع أذاهم وتوكل على الله و كفى بالله وكيلا))

واتە: ملکەچ و فەرمان بەرداری کافر و دوو ڕووەکان مەبە،گوێ مەدە بەو ئازار و ناخۆشیانەی کە دروستی دەکەن بۆ خۆت و بۆ بانگەوازەکەت،پشت بە خوا ببەستە،تەنها خواش بەسە هەتا پشتیوان و یاریدەدەرتان بێت.

لەم ئایەتەدا نەك هەر فەرمان بە کوشتنی کافران ناکات بەڵکو فەرمان دەکات گەر ئەوانیش ئازاریان دان لە دڵی مەگرن.

((لا إكراه في الدين قد تبين الرشد من الغي فمن يكفر بالطاغوت ويؤمن بألله فقد استمسك بالعروة الوتقى لها والله سميع عليم))

واتە: بە هیچ جۆرێك زۆر کردن نییە لە وەرگرتنی بیر و باوەڕی ئایینی ئیسلامیدا، چونکە بە ڕاستی ڕێبازی ڕاست و دروست،ڕوون و ئاشکرا بووە و جیابۆتەوە لە گومڕایی،جا ئەوەی باوەڕی نەبێت بە گومڕایی و باوەڕی دامەزراوبێت بە خودا جا بێگومان ئەو کەسە دەستی گرتووە بە هێزی ڕزگاربوونەوە.





ئەم ئایەتە دژی زۆرێك لە ئایەت و قسەکانی محمدە کە لە زۆربەی ئایەتەکانی پێشوودا باسمانکرد،ئاشکرایە هەموو کوشتن و کوشتارەکانیان لەسەر کافر بوونی خەڵك و بڕوا نەبوونیانە بە ئیسلام،هەروەها ووتەیەکی محمد هەیە کە ئاماژە بەوە دەکات ،فەرمانی پێکراوە خەڵك بکوژێ تاکو شەهادەت دەهێنن و فەرزەکان جێبەجێ دەکەن.

١٢.سەرەمەرگی فیرعەون لە نێوان بڕوا هێنان و بڕوا نەهێنانیدا:

ئایا فیرعەون بڕوای هێناوە و ڕزگاری بووە ،یاخوود بڕوای نەهێناوە و خنکاوە و لەناو چووە،بە دوو شێوازی جیا،قورئان ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە دوو جۆرە کە تەواو دژ یەکن و یەکتری بەتاڵ ئەکەنەوە.

ئایەتی یەکەم:

((وجاوزنا ببني إسرائيل البحر فأتبعهم فرعون وجنوده بغيا وعدوا حتى إذا أدركه الغرق قال آمنت أنه لا إله إلا الذي آمنت به بنو إسرائيل وأنا من المسلمين))

نەوەی ئیسرائیلمان بە دەریادا پەڕاندەوە،فیرعەون و سەربازانی بۆ ستەم شوێنیان کەوتن ،تا ئەوکاتەی کە فیرعەون خەریکبوو دەخنکا،لەو کاتەدا وتی ئیتر باوەڕم هێنا بەوەی کە هیچ خودایەك نییە،جگە لەو خودایەی کە نەوەی ئیسرائیل باوەڕی پێهێناوە و من ئیتر لە موسوڵمان و ملکەچانم.

**لەم دەقەدا بە هیچ جۆرێ ئاماژە بۆ خنکاندنی فیرعەون ناکات و دەڵێ:خەریك بوو دەخنکا پاشان ئاماژەیەکی ڕوون بە بڕوا هێنانەکەی دەکات،ڕەنگە قورئان پێشتر بیری لەوە نەکردبێتەوە کە ئاوا بە وردی سەیری دێڕەکانی دەکرێت و بە سادەیی بە سەریا ڕۆشتووە.**

**ئایەتی دووەم:**

((**فأراد أن يستفزهم من الارض فأغرقناه ومن معه جميعا**))

**واتە: فیرعەون ویستی لەسەر زەوی میسر، بە یەکجاری بە سووکایەتی کردنەوە دەربەدەریان بکات،ئێمەش نوقمی دەریامان کرد خۆی و هەرچی ئەوانەی کە لە گەڵیدا بوون.**

((**فأخذناه وجنوده  فنبذناهم في اليم فانظر كيف كان عاقبة الظالمين**))

**فیرعەون و سەربازەکانی و دەست و پێوەندەکەیمان پێچایەوە و فڕێمان دانە ناو دەریاکەوە،سەرنج بدە بزانە چۆن بوو سەرئەنجامی ستەم کاران.**

**لەم دوو دەقەدا بە ڕوونی ئاماژە بە بڕوا نەهێنان و تیاچوونی فیرعەون و دەست و پێوەندەکەی دەکات،کە بە تەواوی دژی دەقەکەی پێشوو ترە.**





## پێکهاتەی ئایەتەکانی قورئان:-

**ئەگەر سەرنج بدەین و لە قورئان ڕابمێنین،دەبینین بەشی هەرە زۆری قورئان پێك هاتووە لەم بەشانە:**

**١-وتەکانی پێغەمبەر.**
**٢-کاریگەری کەلتوری عەرەبە بت پەرستەکان.**
**٣-وتەی شاعیرە جاهیلییەکان.**
**٤-قسەی عومەری کوڕی خەتاب.**
**٥-قسەی شەیتان.**
**٦-قسەی کەسانی نەناسراو کە بە شێوەی نادیار وتراون.**

**١-وتەکانی محمد:-**

**محمد دوو نوسەری سەرەکی هەبوو بۆ نووسینەوەی قورئان(عوسمان کوڕی عەفان و علی کوڕی ابی تالیب)،کاتێك ئەوان لەوێ نەبوونایە (زید کوری سابت)و ئەگەر ئەویشی لێ نەبووایە ئەوانەی نووسینیان باش بوو،قورئانیان دەنووسیەوە کە زۆر بوون،لەوانە ئەبو بەکری سەدیق و عومەری کوڕی خەتاب و عبداللە کوڕی ئەرقەم و سابت کوڕی قەیس و .ئەوەی کە دەزانرێت کە معاویەو زەیدی کوڕی سابت هیچ کارێکیان**

نەکردووە،تەنها ئەوە نەبێت ئەو شتانەیان نووسیوە کە محمد وتویەتی.

محمد ٢٦ نووسەری هەبووە،کە دەبوو بە دڵی ئەو ئایەتەکان بنوسن و هەموو گۆڕانکارییەك کە دەیکا بینوسن.

چل و پێنج ساڵ قورئان لەسەر پێستەو لەناو دڵی موسوڵمانەکاندا مایەوە،تا عوسمانی کوڕی عەفان کۆیکردەوەو ئەوەی بە دڵی نەبوو لە ناوی برد،لە کاتی کۆکردنەوەی قورئاندا عوسمانی کوڕی عەفان پێی ووتن:ئەگەر ناکۆکیەکتان بوو لەسەر ووشەیەك بە زمانی قووڕەیش بینوسن،چونکە قورئان بە زمانی قوڕەیش نووسراوە.

ئەمەش ئاشکرایە کە قورئان ووتەی محمدە چوونکە محمد قوڕەیشی بووە و تەنها شێوە زمانی ئەو کاتەی قوڕەیشی زانیوە.

٢-کاریگەری کلتوری عەرەبی بەسەر قورئانەوە:-

محمد هەوڵیداوە لە کەرەستەو بیری قورئانەکەیدا،پەنا بەرێتە بەر کەلتوری عەرەبی کۆن و کاریگەری هەبووە لە سەری و زۆرێك لەو کەلتوورەی دووبارە کردۆتەوە،بە تایبەتی سەردەمی ئیبراهیم کە ئەم سەردەمە زۆر کاریگەری هەبووە لە سەری و وشەی (الله)ی هەر لەو کەلتورە وەرگرتووە،چونکە ئەو وشەیە زۆر بەر بڵاو بووە لەناو عەرەبەکاندا ئەم ئایەتانە بەڵگەن کە محمد کەلتوری عەرەبی کۆنی دووبارە کردۆتەوە و بەشێك لە قورئانی لەو کەلتورە وەرگرتووە.



وشەی زبرو دەقە دژ بە یەکەکان لە قورئاندا
سەروەر طە حمە أمین

((و من احسن دینا ممن أسلم وجهه لله وهو محسن واتبع ملة إبراهیم حنیفا واتخذ الله إبرااهیم خلیلا))

واتە: کێ هەیە ئایینی جوانتر و پەسەند تر بێت،لەو کەسەی کە ڕووی کردۆتە خواو خۆی تەسلیمی ئەو کردووە،لە کاتێکدا کار جوان و کار پەسەندە و شوێنی ئایینی ئیبراهیمی مل کەچ و فەرمان دار کەوتبێت،کە خوا ئیبراهیمی کردۆتە خۆشەویستی خۆیی و ڕێزداری کردووە.

٣-شیعری شاعیرە جاهیلییەکان:-

تێکەڵبوونی شیعری شاعیرانی عەرەبی جاهیلی،یەکێکە لەو بابەتانەی کە دەبێت بەشی تایبەتی بۆ دابنرێت و دواتر قسەی زۆری لەسەر دەکەین،زۆرێك لەو ئایەت و شیعرانەی کە لە پێش قورئانەوە وتراون و لەیەك دەچن بەراوردیان دەکەین،نووسەر و ئەدیبی گەورەی عەرەب دکتۆر (تەها حسین) لە کتێبەکەیدا (الشعر الجاهلی)دەڵێت:یاخود ئەوەتا بڵێین شیعری جاهیلی بوونی نییە،یاخوود قورئان بوونی نییە،قورئان زۆرێك لە ئایەتەکانی وەرگیراوی ئەو شیعرە جاهیلییانەن کە پێش هاتنی محمد،شاعیرە عەرەبەکان ووتویانە،ئەو شاعیرانە زۆربەیان پێش هاتنی محمد مردوون،دەمەوێ لێرەدا تەنها ئاماژەیەك بەم بابەتە بکەم و لە دواییدا لە بەشی تایبەتدا قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین بە بەڵگەو نمونەی زۆرەوە.

٤-وتەی عومەری کوڕی خەتاب:-

عومەری کوڕی خەتاب یەکێکە لەو کەسانەی کە لە شوێنی زۆر گرنگدا بیروبۆچوونەکانی بوونەتە ئایەت و محمد لە قورئانەکەیدا کردونی بە ئایەت،کە دەتوانین لەم نمونەیەدا باسی بکەین:

وعن عبدالرحمن بن ابي ليلى أن يهوديا لقي عمر بن الخطاب فقال:إن جبريل الذي يذكر صاحبكم عدو لنا،فقال عمر:من كان عدوا لله وملائكته ورسله و جبريل وميكال فإن الله عدو للكافرين،٥٩قال نزلت على لسان عمر٦٠.

کاتێك جولەکەکان بە عومەر دەگەن پێی دەڵێن جوبرئیل دوژمنی ئێمەیە،دوایی عومەر دەڵێت:هەر کەسێ دوژمنی خواو فریشتەکانی و پێغەمبەر و میکال بێت،ئەوا خواش دوژمنێتی.

کاتێك محمد ئەم قسەیە دەبیستێتەوە ئەم ئایەتە دەڵێت:

((من کان عدوا لله وملائكته ورسله و جبريل و ميكال فإن االله عدو للكافرين))

واتە:هەر کەسێك دوژمن بێت بە خوداو فریشتەکان و پێغەمبەرەکانی بە تایبەت جبرەیل و میکائیل،ئەوە بزانن کە خودا دوژمنی کافر و بێ بڕواکانە.

٥-قسەی شەیتان:-

وەك بینیمان زۆرێك لە قسەی کەسایەتییەکانی ئەوکات تێکەڵ بە قورئان بووە،تەنانەت محمد خۆی قسەی شەیتانی وتوە و خۆشی هەمان قسەی شەیتانی لە قورئاندا دووبارە کردۆتەوە،وەك لێرەدا دەبینین:

((أفرأيتم اللات والعزى١٩ ومناة الثالثة الاخرى))٧٢





واتە: هەواڵم بدەنێ دەربارەی (لات و عوزا) کە دوو بتی مەککە بوون،(مەناتی)سێیەمیش کە ئەویش بتێکی تر بوو.

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکات ،لە کاتی ووتنی ئەم ئایەتەدا،شەیتان هاتۆتە سەر زمانی محمد و وشەی پێوتووە.

٦-وتەی نەزانرا و کە تا ئێستا خاوەنەکانیان نەزانراوە:-

لە ناو قورئاندا گەلێك قسەی جۆراو جۆری تێدایە،ناتوانرێت بە ئاسانی ئاشکرا بکرێت،بەڵام من وای بۆ دەچم ،ڕۆژێك لە ڕۆژان بەهۆی تێکەڵبوونی شارستانیەتەوە ئاشکرابن و قسەی فەیلەسوفە یۆنانییە کۆنەکانی چەند هەزار ساڵ پێش زایین دەربچن.

ئاشکرایە کە چەندەها شارستانیەتی زۆر بەهێز بوونیان هەبووە و کاریگەرییان بەسەر بیروبۆچونی مرۆڤەکانەوە هەبووە وەك شارستانیەتی ئاشوریەکان و سۆمەریەکان و یۆنانیەکان و لۆلۆییەکان و گۆتییەکان...هتد.

ئەم شارستانیەتانە بە دڵنیاییەوە پشکیان هەبووە لە پێکهێنانی قورئاندا.

یاخود ئەو یاسایانەی حامورابی دایناون،کە زۆر پێش ئیسلام دانراون،ئەگەر سەیری بەندەکانی بکەین هاوشێوەی لە قورئاندا دەبینرێتەوە بۆ نموونە(العين باالعين....)لە یاساکانی حامورابین و لە قورئانیشدا بوونی هەیە.

کۆتایی...